ربەر ئەحمەد و مایک ئەکر تاووتوێی پشتیوانییەکانی هاوپەیمانان بە هێزی پێشمەرگە دەکەنەوە

وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی راوێژکاری سەربازی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، تاووتوێی پشتیوانییەکانی هاوپەیمانان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و رووبەڕووبوونەوەی داعش دەکەنەوە.

ربەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆی کۆمەڵایەتی ئێکس (تویتەری پێشوو) نووسیوویەتی: ئەمڕۆ لەگەڵ مایک ئێکر فەرماندەی راوێژکاری سەربازی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش کۆبوویننەوە.

وەزیری ناوخۆ هەروەها دەڵێت: "لە چوارچێوەی پاڵپشتیەکانیان سوپاسی هاوپەیمانان دەکەم، بەردەوامن لە مەشقپێکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە بەرەنگاربوونەوە و رووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی داعش".

ربەر ئەحمەد دەشێت: "لە دیدارەکەدا جەختمان لە پاراستنی زیاتری هەرێمی کوردستان لە

هەڵەشە و مەترسییەکان کردەوە".